

**فوئاد زرار:**
**تەلەفزیۆنەکانمان زەوق و میزاجی بینەری کوردیان تێکداوە**

# لە مانگی ڕەمەزاندا
# کە درامای کوردی نەبێت بینەری کورد بەناچاری
# بەدیار درامای بیانییەوە دادەنیشێ

**دراما وەکو لقێك لەلقە هەرە گرنگ و پڕبایەخەکانی هونەر پێویستییەکی گرنگە بۆ ئەمڕۆی بینەری کورد. ئەگەرچی ڕەمەزانی ئەمساڵ درامای کوردی زۆر بەکەمی دەبینرێت، دەتوانین بڵێین لە دوو دراما زیاتر تێپەڕناکات. بەبەراورد بە ڕەمەزانی ساڵانی ڕابردوو ئەگەر تەماشا بکەین پێشتر بۆ مانگی ڕەمەزان چەندین دراما بەهەم دەهێنران. بێگومان ئەمەش چەند هۆکارێك و فاکتەرێکی لە پاڵەوەیە. ئێمەش لە ڕێگەی ئەم ڕاپۆرتەوە هەوڵدەدەین باسی ئەو هۆکار و فاکتەرانە بکەین:**

**ڕاپۆرت: توانا حوسێن شێخانی**

**سەلاح محەمەد:**
**کزی و سستی هونەرمەندەکان هۆکارە لەنەبوونی بەرهەمی کوردی ئەگەر نا وەزارەتی ڕۆشنبیری درێغی نەکردووە**

تاوەکو ئێستا لە کوردستان نێوەندێکی هونەری وەها گەموگوڕ نییە کە بتوانێت دراما بەرهەم بهێنێت بۆ ئەوەی کاری دراما تۆزێك ئاسان بێت. **هەروەکو(هیوا سوعاد-دەرهێنەر) دەڵێ** «بەپێویستی دەزانم کە نێوەندێکی هونەری هەبێت بۆ بەرهەمهێنانی دراما، پێموایە بوار نەڕەخساوە بۆ هونەرمەندەکان کاری درامی پێشکەش بکەن، چونکە دراما پارەیەکی زۆری تێدەچێت. لە ڕەمەزانی ئەمساڵدا درامای کوردی زۆر بەکەمی دەبینرێت بەبەراورد لەگەڵ ساڵانی ڕابردوو. **مامۆستا هیوا دەڵێ** «پێشتر بایەخی پێدەدرا و بەرهەمەکان زۆر بوون، بەڵام کرچ و کاڵ بوون. لیژنەیەك نەبوو چاودێری کارەکان بکات، بۆ نموونە لە بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ بوارمان داوە بە زۆربەی دەرهێنەرەکان کار بکەن، بەڵام ئەگەر هەروا کرچ و کاڵ بێت بۆ ساڵێکی تر بواریان پێ نادەین، بۆیە دەبێت ناچاربن خۆیان چاك بکەن، حکومەت پارە سەرف بکات هونەرمەندیش بایەخ بە کارەکانی خۆی نەدات شتی وا نابێت.

**هونەرمەند (سەلاح محەمەد) هۆکاری سەرەکی کەمبوونەوەی دراما دەگەڕێنێتەوە بۆ نووسەر، چونکە هەروەکو خۆی دەڵێ:** نووسەری چاکمان نییە لەو بوارە زۆر شارەزا و لێهاتووبێت. لەلایەکی ترەوە کزی و سستی هونەرمەندەکانیش هۆکارە ئەگەر نا وەزارەتی ڕۆشنبیری درێغی نەکردووە لە پارەدان. هەروەها **مامۆستا سەلاح سەبارەت بە کەمی دراما دەڵێ** «ساڵ بە ساڵ خۆزگەم بە پار. ئەگەر ئاوڕێك لە ساڵانی ڕابردوو بدەینەوە، بینەر یەکجار زۆربوو. هەروەها هونەرمەندیش ڕوحێکی هونەری و کوردایەتی هەبوو، بەڵام ئێستا وانییە پێشتر کارمان دەکرد بەبێ بەرامبەر.

**هونەرمەند نەوزاد ڕەمەزانیش لەسەر تەنگژەی نەبوونی درامای کوردی دەڵێ** «کاتێك کە باسی ڕەمەزان دەکرێت یەکسەر بیرت بۆ لای دراما دەڕوات، چونکە لەناو ئێمە دەمێکە وا باوبووە بە تایبەت لە ڕەمەزاندا بەرهەمی درامامان هەبێت، لەبەر ئەوە پێمباشە ساڵانە بودجەیەکی تایبەت بۆ مانگی ڕەمەزان دیاریبکرێت بۆ درامای کوردی، ئەمەش کارێکی باش دەبێت. هەروەها پێشتر زۆری و بۆریەك هەبوو کە زۆریش بوو کاری باش نابینین، بەڵام ئەگەر بێت و ساڵانە بۆ مانگی ڕەمەزان دوو درامای ٣٠ ئەڵقەیی هەبێت، ئەویش بەو مەرجەی هونەرمەندانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك و کەرکوك بەشداری تێدابکەن، پێموایە بینەرێکی زۆری دەبێت و زۆریش سەرکەوتوو دەبێت.

تەلەفزیۆنەکانمان هۆکاری سەرەکی کەمی

درامـــای کوردین، بەڵام کەمـــی درامای کوردی لە ڕۆژانـــی ڕەمەزاندا و کەم نیشـــاندانی لەلایەن تەلەفزیۆنە کوردییەکانەوە تەنیا مەســـەلەی زۆری و بـــۆری و بوونـــی درامای کـــرچ و کاڵ نییە، بەڵکـــو هۆی دیکەش هەیە کە جێگەی نیگەرانی زۆرێك لە هونەرمەندانە، **لەم ڕووەوە هونەرمەندی بە ئەزموون (عەلی ئەحمـــەد) بە نیگەرانییەوە دەڕوانێتە ئەم پرســـە و دەڵێ** «لە هەموو ماڵێکی کورد لە کوردســـتان ئەوەندەی بینـــەری درامای تورکـــی و عەرەبی و ئێرانی هەیە، ئەوەندە بینەری درامای کوردیمان نییە، چونکە کۆمەڵە کەســـەێك لەناو تەلەفیزیۆنـــەکان پەیدابوونە تەنیا بۆ ئارەزوو و بەرژەوەندی خۆیان ئـــەو ڕێگەیەیان گرتۆتەبەر. بزانـــە کە دەچێتە لای بەرپرســـی تەلەفزیۆنەکە و دەڵـــێ ئەو درامایەمان کردووە بـــە کوردی و زۆر باشـــە و جیاوازی نییە لەگـــەڵ درامای کوردی یەکەســـەر ڕازی دەبێ و بڵاودەکرێتەوە. ئەو نازانێ کولتووری تورکی و عەرەبی فارســـی و کۆری و نازانم چی وچی. لەگەڵ کولتووری کوردی یەك ملیۆن ساڵ جیاوازیان هەیە. پێموایە دەستێك هەیە لەناو ڕاگەیاندنەکان لێناگەڕێت بەرهەمی کوردی بـــە زیادە بهێنرێتە بەرهـــەم و ململانێی بەرهەمی کوردی دەکـــەن و دژی هەموو جۆرە بەرهەمێکی خۆماڵیـــن. ئێســـتا ئێمـــە خزمەتـــی کولتووری نەتەوەیەکی تر دەکەین بە شـــێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بەبـــێ ئەوەی ئـــەوان داوامان لێبکـــەن خزمەتیان دەکەین و مەســـەلەکەش تەنیـــا گیرفان پڕکردنی چەند کەسێکی مشەخۆرە. جا لە پێناوی گیرفانی خۆمان کولتووری خۆشمان فەرامۆش کردووە.

**هـــەر لە درێژەی تاوتوێکردنـــی ئەم بابەتەدا هونەرمەند (تـــارا عەبدولڕەحمان) وتی:** پێموایە هۆکاری کەمبوونەوەی دراما لەمساڵدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو لیژنەیەی کە لە وەزارەت دانراوە، ئەوان بڕیار دەدەن کامە بەرهەم باشـــە یا خراپ. وایلێهاتووە بە میزاجی خۆیان یاخود بە برادەرایەتی بەرهەمەکان ڕێـــی پێدەدرێت. چەند ســـاڵێك لەمەوبەر زۆربەی کەناڵەکان بەرهەمیان هەبـــوو، ئەم بەرهەمانە کەم و زۆر دەیانتوانی تێنویەتی بینەر بشـــکێنن، بەڵام ئەمساڵ تەنیا یەك بەرهەم دەبینرێت، ئەویش بەڕای من ئەو هۆکارەیە کە ئاماژەم پێدا.

**هەر لەســـەر ئەم بابەت کێشـــە ئامێزە (زانا خەلیل) بەڕێوەبـــەری تەلەفزیۆنی قەڵات دەڵێ** «کەناڵـــە ناوخۆییەکان ئەو ئیمکانیەتە ماددییەیان نییە بتوانن دراما بەرهەم بهێنن، یاخود بیکرنەوە. پێموایە کارێکی ئاسانتر هەیە بۆ کەناڵە ناوخۆیەکان، ئەویش دۆبلاژکـــردن یاخود ژێرنووســـکردنە. لەم حاڵەتەدا هەم لـــە ڕووی ماددیەوە خەرجی کەمترە هەم لەڕووی هونەری کادیر و ستاف و ئەو شتانەوە کارەکان ئاســـانتر جێبەجێ دەکرێت. بەبڕوای من هەندێکجـــار بەرهەمی بیانی جوانترە لە بەرهەمی خۆمان بە حوکمی ئەو واقیعەی کە ئەمڕۆ درامای کوردی تێیدایە. بەشبەحاڵی خۆمان ئەوەندە دراما کوردییـــەی کە بەدەســـت ئێمە گەیشـــتووە، نەك یەکجار، بەڵکو سێجار یا پتریشمان پەخش کردووە و گرنگی زۆریشمان پێداوە، بەڵام چبکەین درامای کوردی زۆر کەمە.

### بینەریش نیگەرانە

**(فوئاد زرار) وەکو بینەرێك دەڵێ «بەڕاستی لەم دوو ســـێ ســـاڵەی ڕابردوودا خەریکە بڵێین** درامای کوردی وا بـــەرەو نەمان دەچێت. ئەگەر تەماشابکەین لە ڕەمەزانەکانی ڕابردوو ژمارەیەکی زۆری درامـــای کـــوردی بەرهـــەم دەهێنـــران و پەخـــش دەکران، بەڵام ئەمســـاڵ درامای کوردی زۆر کەمە. هەر بۆیـــە تەلەفزیۆنەکان پەنا دەبەنە بـــەر دۆبلاژکردنـــی بەرهەمی بیانـــی، بەمەش پێیانوایە ئەو بۆشـــاییەی کـــە لەهونەری کوردی هەیە، پڕی دەکەنەوە. لەراستیشـــدا وانییە، بەڵکو تەلەفزیۆنەکانمان زەوق و میزاجی بینەری کوردیان تێکداوە و ڕۆڵێکی زۆر خراپ دەگێڕن لە شێواندنی هونەری کوردی. ڕاســـتە هونەرمەندەکانیشـــمان کەمتەرخەمـــن، بەڵام ئەوە مانـــای وانییە ئەوان بەرهەمی بیانی لەپێشـــتر دابنێن لەچاو بەرهەمی کـــوردی. تەنانـــەت بەرهەمـــە بیانییەکانیش کە هەڵیدەبژێرن بەبێ بەرنامـــە و لێکدانەوەی لایەنە باش و خراپەکانی هەڵیدەبژێرن.

**هەروەها خاتوو(شەهێن عوسمان)یش پێیوایە کە تەلەفزیۆنە کوردییەکان هۆکارێکی سەرەکی بڵاوبوونـــەوەی بەرهەمـــی دۆبلاژکراوی بیانی خراپن. ئەو دەڵێ:** بەرپرسیارێتییەکە هەمەلایەنە، وەزارەتـــی ڕۆشـــنبیریش وەزارەتێکـــی تا ئاخیر پلـــە کەمتەرخەمە، نە بەرهەمێکـــی نەتەوەیی بەرهەمادەهێنـــێ، نـــە دەتوانێ سانســـۆرێکی هونەری پیشەگەریانە بخاتە سەر تەلەفزیۆنەکان. نە ڕۆڵێکیش لە چارەســـەرکردنی ئەم کێشـــەیە دەبینێ.

**لە کۆتاییدا ڕۆژنامەنووســـی بواری هونەری (عەبدولغەفـــار عەبدوڵڵا) ئەویـــش بۆچوونی هونەرمەندانی هەبـــوو هەروەکو خۆی ئاماژەی پێدەدا و دەڵـــێ:** کە تەلەفزیۆنەکان زیاتر گرنگی بە دراما دۆبلاژکراوەکان دەدەن. ڕاســـتە تیڤییەکان ئـــازادن چۆن کاردەکـــەن، بەڵام مانـــای ئەوەش نییە هونەرمەندەکانی خۆمان پشـــتگوێ بخەن و لەبیریان بکەن. ڕەنگـــە بەڕێوەبەرانی تیڤیەیەکان بڵێن ئـــەو درامایانە بـــە کوالیتێکی باشـــکراوە ئەمەش تاڕادەیەك وایە، ئەی ناوەرۆکیان و ئەی پەیامەکانیان؟؟ بۆیە ناشکرێت کارە خۆماڵییەکانی خۆمـــان فەرامۆش بکەین لەپێنـــاوی ئەوەی تۆ خزمەتی درامایەك بکەی کە بینەری کورد تەنیا ئەو کاتە لەلای خۆشـــە کە سەیری دەکات. بەڵام درامای کوردیش زۆرکەم بۆتەوە، چونکە ئەمساڵ تاك و تەنیا دراما دەبینم کە پەخش دەکرێت، پێشتر ســـاڵانە لەمانگی ڕەمەزاندا بەدەیان دراما پەخش دەکران، کار وا بڕوات ساڵێکی تر ئەم درامایانەش نابینینەوە.


هیوا سوعاد


سەلاح محەمەد


نەوزاد ڕەمەزان


تارا عەبدولڕەحمان


عەبدولغەفار عەبدوڵڵا

**زانا خەلیل: ئەو ئیمکانیەتەمان نییە کە دراما بەرهەم بهێنین یاخود بیکرینەوە**

**عەبدولغەفار عەبدوڵڵا: کار وا بڕوات ساڵێکی تر درامای کوردی نابینین**

# ئەو بەڵایەی کە بەسـ



### پێش ڕوودانی کارەساتەکە

تازە خۆر خەریك بوو ئاوا دەبوو کە ژمارە تەلەفۆنێکی نەناسـراو بۆ (نووری) هات، چەنـد جارێك زەنگەکەی لێیـدا، نووری ئاوڕێکی سەرپێی لێدایەوە، بایەخی پێنەدا تا کۆتایی بە زەنگەکە هات و بڕایەوە. پاش چەند سـاتێکی تر هەمـان ژمارە زەنگی لێدایەوە. بە کورتی چەند جارێکی تریش بە هەمان شـێوەی جاران زەگی لێدایەوە. ئەم ئێوارەیە ژمارەکەی فەرامۆش کرد و بەسەر چوو. ڕۆژی دواتر بە هەمان شێوە دەستی بە زەنگ لێدان کردەوە. دیسان گوێی پێنەدا. ژمارەکە لەو فەرامۆش کردنە هیچ ماندوو نەدەبوو، لە بەزمەکەی خۆی بەردەوام بوو. تاوەکو شـەوێك کاتژمێر دوانزەی شەو لای دابوو کە دیسـان هەمان ژمارە لێیدایەوە، نووری لە وەڕسـبوونیەوە هەڵیگرت یەك دوو جـار دەنگی دا قسـەی نەکرد و دایخستەوە. ئەمجارە پاش کەمێکی تر دووبارە لێیدایەوە، نووری تەلەفۆنەکەی بۆ ئەوە هەڵگرت تا دوو سێ جنێوی موستەحەقی پێبدات، کەچی ژنێك پێیگوت: چۆنـی؟ نوورییش کە زانی ژنە بەسـەر کەفوکوڵەکەی خۆیدا زاڵ بوو پێیگوت: فەرموو خێرە بە وەخت و ناوەخت تەلەفۆن دەکەی، دەمناسـی؟ئیتر ژنە دەستی بە قسان کرد و ئەوەما پاکانە بۆ ڕەفتارەکەی خۆی بهێنێتـەوە. قسـەکردنیان هەتـا نیـو کاتژمێرێکی خایانـد. وا ڕێککەوتـن کـە لـە دەرفەتێکی تر زیاتر لەگەڵ یەك بدوێن. نـووری زۆری بیـری کردەوە کە ئـەو ژنە دەبێ ژمارەکـەی ئـەوی چۆن و لەکێ وەرگرتبـێ. ژنەکەی نەدەناسی، بەڵام ژنە ئەوی باش دەناسـی. نووری لەدڵی خۆیدا وایلێکدایەوە کە هەبێ نەبێ شـتێك هەیە، دواتر هەر دەردەکەوێ کە مەسەلە چییە و ئەو ژنە مەقسودی چییە. چەند ڕۆژێکی پێچوو ژنەکە تەلەفۆنی بۆ نەکرد. ئەویش هەر لە ڕۆژی دووەمەوە مەسەلەکەی لەبیر کرد. چوار ڕۆژێك بەسەر قسەکردنەکەیاندا ڕەتبوو، شـەوێکی درەنگ نووری لە دیار فیلمێکـەوە دانیشـتبوو، زەنگێـك لێیدا کـە مۆبایلەکەی هەڵگـرت بینی هەمان ژمارەی پێشـووە، کە هەڵی گرت ویستی قسە بکات پێش ئەوەی نووری قسە بکات ژنەکە بـە وەڵام هات و بـە چرپەوە پێی وت: کەمێکی تر بۆت دەکەمەوە، با لامان چۆڵ بێت. یەکسـەر دایخسـتەوە. نووری تۆزێك نیگەران بوو، چونکە لەوە دەترسـا تووشی کێشـەیەك بێت. هێندەی پێنەچوو، کە زەنگ لێیدایەوە، ئەمجارە ژنەکە قسەی کـردەوە و داوای لێبووردنی لە نووری کرد کـە نەیتوانی ئەم چەند ڕۆژە تەلەفۆنی بۆ بـکات. چونکە لەبەر مێردەکەی نەیتوانیوە زەنگی بۆ لێبدات. کە باسـی مێردەکەی هاتە گۆڕێ نووری نیگـەران بوو. بەڵام ژنەکە دڵنیای کردەوە کە هیچ ترسی نەبێت و سـەبارەت بەو هیچ مەترسییەك لە ئارا دانییە. دیسان دەستیان بە گفتوگۆ کردەوە. بەمجۆرە چەند جارێکی تر قسەیان لەگەڵ یەك کردەوە. دواجار ژنەکە مەبەسـتەکەی خۆی لە تەلەفۆن کردن پێگوت کە دەیەوێ دۆسـتایەیەتییەکەیان بە تینتـر بێت. بۆ ئەمەش ژنەکە ژوانی بۆ دانا و ناونیشانی ماڵەکەشیانی پێدا. بە ناونیشانەکە ڕا زانی کامە ماڵە و مێردەکەشی دەناسێت. نووری بایی خۆی هەبوون بوو. لە ڕۆژی دیاریکراودا نووری چووە ماڵەکە، ژنەکە پێشتر دەرگای بۆ کردبۆوە. کە چووە ژوورەوە ژنەکە نووری بردە ژوورێك و پێیگوت هەتا من دێمەوە تۆ خۆت ڕووت بکەوە. نووری جلەکانی خۆی داکەنـد و تەنها جلی ژێـرەوەی لەبەر خۆ هێشـتەوە. پاش کەمێك ژنەکەش هاتەوە و ئەویش جلەکانـی خۆی داکەند و تەنها بە جلی ژێرەوە مایـەوە. هات لە نزیك نووری دانیشت و دەسـتیان لەناو دەستی یەك ناو چەند ساتێکی کەم وەها مانەوە بێ ئەوەی هیچ شـتێك ڕوویدات. لە پڕ مێردی ژنە بە خۆ و بە کلاشـینکۆفێك بەژوور کەوت. نووری کـە چاوی بـە مێردەکەی کەوت ڕەنگی پەڕی و تەماشایەکی ژنەکەی کرد بینی ئەویش ترسا.

# ـــەر (نووری) دا هات

### کێشەیەك کە دواتر بە کارەساتێك کۆتایی پێهات

مێردەکەی کە هەردووکیانی (گوایە) بەم وەزعەوە بینی کلاشینکۆفەکەی سوار کرد لەسەر سەری نووری دانا، کۆمەڵێك جنێوی پێدا و دوو سێ شاپ و مستی خێواندێ. چەند جارێك هەڕەشەی کووشتنی لێکرد ژنەکەش دەپاڕایەوە کە هەڵەیەکی کردووە و سوێندی دەخوارد کە هیچ رووینەداوە. کابرا کەوتە سەر ژنەکەی و هەندێکی دایە بەر شەق و شولاق. ئەوجا نووری دەستی بە پاڕانەوە کرد و گوتییە مێردەکەی هەرچی دەوێ کێشە نییە، وەرە با سوڵح بکەین و مەسەلەکەش لەنێوان خۆماندا بهێڵینەوە. بەینێکی باش مێردەکەی هەڕوگیڤی کرد ئاخیرییەکەی کە نووری زۆری لێپاڕایەوە رازی بوو لەسەر ئەوەی کە نایکوژێ بەمەرجێك دەفتەرێك دۆلاری پێبدات. بەم حاڵەوە ئەو ئۆتۆمبێلەی کە نووری پێیبوو وا رێککەوتن کە یان نیوەی بداتێ یانیش بیفرۆشن نیوەی پارەکەی پێبدات. مێردی ژنە کلیل و ساڵنامە و نووسراوە رەسمییەکانی لە نووری وەرگرت و چوونە پێشانگای ئۆتۆمبێلەکان. ئیتر وا رێکەوت و ئۆتۆمبێلەکەیان فرۆشت و نووری نەوەد گەڵای دایێ بەو مەرجەی چەند رۆژێکی تر تەواوکەرەکەی بداتێ. بەمجۆرە نووری لە کێشەکە دەربازی بوو، بەڵام ئایا بە یەکجارکی دەربازی بوو؟ نەخێر، چەند رۆژێك دواتر بەو ژمارەیەی کە ژنەکەی تەلەفۆنی بۆ نووری دەکرد هەر بەو ژمارەیە تەلەفۆنی بۆ کرایەوە، بەڵام نووری لە ترسان نەیوێرا هەڵیبگرێ. دواتر نامەیەکی بۆ هات و مێردی ژنەکە بوو نووسیبوی کە تەلەفۆنەکە هەڵبگرێت ئەوە، ئەمجا نووری هەڵیگرت. کە وەڵامی دایەوە مێردەکەی داوای ئەو بڕە پارەیەی دەکرد کە لای مابۆوە. بەهەرحاڵ، رۆژێکیان دانا کە ئەویشی بداتێ. ئەوە بوو پاش چەند رۆژێکی تر ئەویشی دایە. هەفتەیەکی دیکەی پێنەچوو کابرا دیسان داوای بڕە پارەیەکی دیکەی لێکردەوە، ئەویشی دایە. ئەو داوا و داواکارییە چەند جارێکی دیکەش دووبارە و سێ بارە بۆوە و لە تام دەرچوو. وردە وردە ناکۆکی و ناخۆشی کەوتە نێوان ئەم دووانە و دواتر بووە هەڕەشە لەیەك کردن و جنێو بەیەك دان. نووری سوێندی بۆ خوارد کە چیتر پارەی ناداتێ، ئەویش سوێندی بۆ خوارد کە هەر دەیکوژێت، ئیتر لەمەوە نووری زانی کە ئەم مەسەلەیە نەخشە بووە، مێردەکەی بەخۆی ئەو نەخشەیەی داناوە. مایەوە هەردووکیان لە بۆسە بن بۆ یەك. دیارە لەو ماوەیەشدا مێردی ژنە زانیبووی کە جێ و شوێنی نووری لە کێیە، بۆیە خۆی بۆ ئامادە کرد لەو شوێنەی کە هاتووچۆی پیادەکات بۆسەی بۆ دابنێتەوە و بیکوژێت. ژنەکەشی بەمەی دەزانی بۆیە بەدزییەوە ئاگاداری نووری دەکات. ئەو رۆژەی کە مێردەکەی بەنیاز بوو بچێت بیکوژێت تەلەفۆنێك پەیدا دەکات پێیدەڵێ فلانە کاتژمێر وا بەنیازە بێت. نووریش بە خۆو بە دەمانچەیەکەوە بۆی دادەنیشێت. قسەی ژنەکە بەراست دەردەچێت و لە کات و ساتی دیاریکراودا مێردەکەی پەیدا دەبێت، بێئەوەی بزانی کە ژنەکەی ئاگاداری نووری کردۆتەوە. لە دوورەوە نووری ئاگاداری دەکاتەوە کە چیتر نەیەتە پێش دەزانێ بۆچی هاتووە، بەڵام مێردی ژنە گوێ لەمە ناگرێت. هەر لە دوورەوە دوو سێ فیشەکی تێدەگرێت و گوللەیەك بە سووکی بەپێی نووری دەکەوێت، ئیدی نووری لەوە بێئومێد دەبێ ئەو بەڵایە بە قسە لە کۆڵە خۆی بکاتەوە ئەویش دوو سێ گوللەی تێدەگرێ یەکێك لە گوللەکان بە تەختی نێوچەوانی دەکەوێت و دەمودەست بەریدەداتەوە و دەیکوژێت. کە رووداوەکە روودەدات یەکسەر خۆی رادەستی پۆلیس دەکات. لە گوفتاری خۆیدا تەواوی رووداوەکە لە نووکەوە دەگێڕێتەوە. پاشان ژنەکەش دەستگیر دەکرێت. ژنە بۆ دادگای ئاشکرا دەکات کە: بەڵێ ئەوە ئەم رووداوە نەخشەی مێردەکەی بووە و مەبەستیش وەرگرتنی پارە بووە لەم کابرایە. پاش دوو سێ مانگان لێکۆڵینەوە و دادگایی کردن، دادگا بڕیاری سێ ساڵی بەندکردن بۆ نووری دەبڕێتەوە.



# (سینیانێ) یەکێکە لە یارییە فۆلکلۆرە

**یاری سینی سینیانێ یارییەکی فۆلکلۆریە کە تەنیا شەوانی رەمەزان ئەنجام دەدرێت و بە زۆری خەڵکی شاری هەولێر و کەرکوک ئەنجامی دەدەن . لە هەولێر مێژوویەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سـەرەتای سـاڵەکانی( ١٩٣٠ ) . شێوازی ئەم یاریەش ئاوایە سەرەتا دوو گروپ دادەنیشن هەر گروپێك لە چوار كەس پێكدێت، سینییەكەش ١١ زارە لەو زارانەدا جیفەكە دەشاردرێتەوە، یەكیان فڕێ دەدرێ . سەرەتا خەتێکە دادەنرێت پاشان دوو زار هەیە هەمووجارێك زار فڕێ دەدرێ پاشان دوو دەمینێ یەك یەك بەتاڵ دەكرێت،بۆ ئاگاداربوون لە چۆنیەتی بەرێوەچوونی ئەم یارییە و زیندوو راگرتنی ئەم یارییە فۆلکلۆرییە رەمەزانییە ئەم راپۆرتەمان ئامادەکرد:.**

توانا حوسێن شێخانی

**(سینیانێ) یاریەکە تەنها لە مانگی رەمەزاندا دەکرێت**

**(حاجـی گەیلان حەمامچـی )**، کە یاریزانێکی زۆر کۆنی شاری هەولێرە و زۆر شارەزای ئەم یارییەیە لەمەڕ ئەم نەریتەوە گوتی: سـاڵانێکی زۆرە خەڵکی هەولێر خولیای یاری سینی سینیانێنە، من خۆم زیاتر لە ٤٠ سـاڵە ئەم یاریە دەکەم . ئەم یاریە ساڵانە لە مانگی پیرۆزی رەمەزاندا هەموو چین و توێژەکان لە خۆی کۆدەکاتەوە هەتا بەرەبەیان بە دەم یاریکردنەوە، گۆرانی و قسەی خۆش و نوکتە دەڵێین و خواردنی خۆش و کوردەواری و فۆلکلۆری دەخۆین . پێشـتریش بـاب و باپیرانمـان یاری کڵاوانێ ( کڵاومستانێ )یان کردووە ئێمە پێماندەوت (کەرەمستانێ )، یان فیشەکێکیان لەنـاو گۆریەی دەشـاردەوە و ئەوانـی تریـش بەدوایـدا دەگەڕان تا بیدۆزنەوە . ئەمەش هەرئەوە یاریەیە بەڵام گواستراوەتەوە سەر سینی.هەروەها خەڵك لە شارەکانی تری کوردسـتانیش بۆ ئەم یارییە روو لە شاری هەولێر دەکەن بەزۆریش خەڵکـی کەرکوك و پردێ شـەوانە دێنە شـاری هەولێر بۆ ئەنجامدانی ئەم یاریە. ئەمساڵ ڤیسـتڤاڵێکمان لە شاری هەولێر بەچاودێری بەرێزان بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان و پارێزگاری هەولێر رێکخسـتوە کە ٤٨ گروپ ناویان تۆمارکردووە تا ئێستا ١٦ گرووپ ماون لە کۆتایشدا سێ گروپ دەمێنێنەوە و خەڵات دەکرێـن هەروەها خەڵاتەکان لە لایەن لقی دوو و پارێزگای هەولێر پێشکەش دەکرێن و چەندین کەس و کۆمپانیای تریش دیاری بە نرخیـان داناوە . سـەبارەت بە یار یزانە بەناوبانگەکانی شـاری هەولێر لە یاری سنیانێ حاجی گەیلان وتـی : بەداخەوە مامۆستایەکان هەموویان کۆچی دواییان کـردووە بەڵام حاجی محیەدین بە مامۆستای شاری هەولێر دادەنرێت چونکە گەمەزانێکی زۆر زیرەك بوو،هەروەها ئەم یاریە شەوانە لە کاتژمێر ٩ بەردەوام دەبێت تا بەرەبەیان.

> ئەمساڵ منافەسە هەیە چونکە خەڵات دانراوە

**ئەمساڵ پێشبڕکێ هەیە خەڵاتیش بۆ براوەکان دانراوە**

**(وشیار مامەند)** بە وتەی خۆی لە ساڵی ١٩٩١ یەکـەوە هەموو شـەوانی رەمەزان ئەم یاریەی کـردووە هاوکات جەخت لەوە دەکاتەوە کە زۆربەی گەڕەکەکانی شاری هەولێر بـە گروپ دێن بەڵام بەشـێکی زۆری گروپەکان لە گەڕەکەکانی (تەیراوە و تەعجیل و سـەیداوە)وە دێـن هەروەها گروپەکانی کەرکوك یارییان زۆرخۆشە بێ ئەوەی هیچ کێشەیەك دروست بکەن وەکو برا تەواوی ئەو مانگە بەیەکەوە دەمێنێینەوە . ئەمسـاڵ جۆرە پێشبڕکێیەکی تێدایە چونکە خەڵات دانـراوە



# کوردەوارییەکانی شەوانی رەمەزان

بێگومان ئەمەش هاندەرێکە بۆئەوەی زیاتر ئەم یاریە کوردەواریانە زیندووبکرێتەوە.

### ئەمسالٚ وەکو سالٚانی ترنییە

هەروەها **(سەردار جەلال)** کە سالٚانێکی زۆرە ئەو یارییە دەکات و وتی: لە سالٚی حەفتاکانەوە ئەم یاریە دەکەم و کاتی خۆی هەرکە رۆژومان دەشکاند یەکسەر رووومان لە گازینۆی( لیالی )ی ئەوسا دەکرد کە ئەم یاریەی لێبەڕێوەدەچوو . هەروەها پێشتر زۆر لەگەلٚ کەرکوك و پردێ یاریمان دەکرد سەر لە ئێوارەکەی دەچووینە لای بازگەکان چاوەڕوانی ئەوانمان دەکرد هەروەها پێشتر کۆمەلٚێك برادەر کۆدەبوینەوە پارەمان دادەنا تەشریب و پاقلاوە و میوە و چایە و هتد...بەردەوام هەبوو تاوەکو بەیانیش گۆرانی و قۆریاتی تورکی دەوترا . ئێستا ئەو چێژەی جارانی نەماوە بەلٚام هەولٚدەدەین بیگەرێنینەوە . ئایا چ جیاوازیەك هەیە لە نێوان ئێستا و سالٚانی حەفتاکان سەردار دەلٚێ»پێشتر زۆر قەرەبالغ بوو چونکە هەندێك یاری ئێستا هەیە پێشتر نەبوو .(زرار جەلال) دەسپێکی ئەم یارییە دەگەرێنێتەوە بۆ سالٚی ١٩٣٠ ئەویش تەنیا لە هەولێر و کەرکوك ئەنجام دەدرا ئەو دەلٚێ : پێشتر ئێمە بە گروپ دەچووین بۆ کەرکوك و ئەو شوێنانەی کە ئەو یارییەی تێدا دەکرا بەلٚام ئێستا لەبەر بارودۆخی شارەکە چەند سالٚێکە ناچین،خۆشی ئەو یارییە بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە سالٚانە یەکجارە و ئەویش تەنها رەمەزانانە دوای رەمەزان کەس باسی ناکات هەروەها پێیوایە ئێستا خۆشترە . ئەو شەوانەی کە ئەم یارییە ئەنجام دەدەین دەبێتە یادگاریەکی خۆش بۆ سالٚانی دواترمان .

رەعد حسێن سەرۆکی گروپ کە سالٚانە چاوەروانی ئەم مانگەیە وتی: من سالٚانە چاوەروانی مانگی رەمەزان دەکەم بۆئەوەی ئەم یارییە ئەنجام بکەین چونکە دەتوانم بلٚێم ئەم یارییە تەنها لە شەوانی رەمەزان دەکرێت بەڕاستی خۆشترین کاتمە کە ئەم یارییە دەکەم،لێرەوە دەبێت سوپاسی برایانی پۆلیس بکەین شەوانە هەتا ئەو یارییە تەواودەبێت ئەوان چاودێری رەوشەکە دەکەن،لەوانەیە زۆر کەس هەبن ئەم یارییەیان پێ ناخۆش بێت یارییەکانی وەکو ئۆکەی و تاولٚە و دۆمینەی پێخۆشتربێت بەلٚام رەعد دەلٚێ ئەوانەی ئەو یارییەیان پێ خۆشە یاریی سینی سینیانێ نازانن بۆیە وا دەلٚێن. یارییەکی ناخۆشە و تەنها ماندوبوونە

### شەوانی قەدر ئێرە چۆلٚ دەبێت

هونەرمەند **(کەریم گولٚانی)** کە بە دەنگەکەیەوە شەوانە ڤیستیڤالٚەکە دەرازێنێتەوە گوتی» وەك یادگاریەك بۆ خۆم حەوتەم سالٚە بەشداری ئەو یارییە دەکەم هیچ سالٚێك وەکو ئەمسالٚ خەلٚکم نەبینیوە کە بەجۆش و خرۆشێکی زۆرەوە بەشداری دەکات . بەلٚام چاوەروان دەکرێت لە پاش شەوانی ٢٢ رەمەزان بەرەو چۆلٚبوون بچێت هەروەك کەریم گوتی»لەوانەیە شەوانی داهاتوو ئاوا قەرە بالٚغ نەبێت چونکە لە جەژن نزیك دەبینەوە خەلٚك زیاتر دەچێت بۆ بازار هەروەها شەوانی قەدریش خەلٚك زۆر روو لێرە ناکەن.

**ئەمسالٚ خەلٚک بە جۆش و خرۆشەوە بەشداری ئەم یارییە دەکات**

**راپۆرت:توانا حوسێن شێخانی**

